ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی هاوبەش

لە ڕۆژی خۆراکی جیهانیدا، ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ و سندوقی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی، پابەندی خۆیان نوێ دەکەنەوە لە درێژەدان بە لێکۆڵینەوە پێشەنگەکان بۆ پاڵپشتی کردنی ئاسایشی خۆراکیی لە عێراق دا.

16 تشرینی یەکەم 2020 – بەغداد - ئەمڕۆ بەبۆنەی ڕۆژی خۆراکی جیهانییەوە ، ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ ، سندوقی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی ، بەرنامەی خۆراکی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی، پابەندی خۆیان نوێ کردەوە لە درێژەدان بە لێکۆڵینەوە پێشەنگەکان بۆ پاڵپشتی کردنی ئاسایشی خۆراکیی لە عێراق دا و هەروەها کاریگەری پەتای کۆڤید-19 لە سەر چینە زۆر لاوازو پێویست دارەکان.

هەموو ساڵێك، زیاتر لە 150 وڵات لە جیهان دا، چالاکیی و ئاهەنگ ڕێکدەخن بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی خۆراکەوە، بە شێوەیەك کە دەبێتە بەناوبانگترینی ڕۆژە جیهانییەکان. بەڵام ڕۆژی خۆراکی جیهانی ئەمساڵ، ڕۆژێکی ئاسایی نییە، لە کاتێکدا دێت کە جیهان بەردەوامە لە جەنگان دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا- کە پەتایەکی جیهانییە و دەرخەری، ناسکی و شکەندەیی سیستەمی خۆراکیمانە، و هەڕەشەی ڕاکێشانی ملیۆنانی تر دەکات بەرەو برسێتی و، ووشیارمان دەکاتەوە کە بایەخێکی گەورەتر بدەینە ئاسایشی خۆراکیی.

کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە- ئابووریییەکانی پەتاکە (بەتایبەت لە دەستدانی داهات)، هەڕەشە هەنووکەییەکانی پەیوەست بە ململانێ و گۆرانی دۆخی ئاوو هەوا زیاتر دەکات . هەروەها تیشك خرایە سەر پێویستی ،جێبەجێکردنی کرداری هەماهەنگ بۆ پێشخستنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە گەڵ بەهێزکردنی زنجیرەی کاڵای خۆراك گەیاندن دا، لە بابەتی ڕۆژی خۆراکی جیهانی ئەمساڵ بوو لە ژێر ناونیشانی:

"پێکەوە بەرەو: گەشەکردن، خۆراك پێدان، بەردەوامی".

ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی لە دوایین ڕاپۆرتیان دا، کە هەر دوو مانگ جارێك دەردەچێت ، تیشکیان خستە سەر چۆنێتی بەهێزکردنی سیستەمی خۆراکیی لە عێراق دا، لە ڕێگەی داهێنانە ژمارەییەکانەوە. هەروەها شیکارییەکی ووردی ڕەوشی ئاسایشی خۆراکی پێشکەش کرد، ڕاپۆرتەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بارودۆخی ئێستای سیستەمی ژینگەیی ژمارەیی (ئیکۆسیستەم) کرد لە عێراق دا و داهێنانە سەرکەوتووەکانشی دەست نیشانکرد، کە لە عێراق و لە دەرەوەدا پێشکەش کران ، سەبارەت بە زنجیرەکانی بەهای کشتوکاڵی و خۆراکیی.

لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەش دا، هە ر یەك لە د. صلاح حاجی حەسەن، نوێنەری ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ لە عێراق و تارق ئەحمەد، نوێنەری سندوقی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی و عەبدورەحمان مەیگاگ ، نوێنەری بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە عێراق و ڕەمزی نیمان نوێنەری بانکی نێودەوڵەتی لە عێراق، ڕایانگەیاند:

دەتوانین سوود لەم قەیرانە وەربگرین، وەك هۆکارێکی پاڵنەر و هاندەر بۆ چاکسازی کردن، لە ڕێگەی هەمەچەشن کردنی سەرچاوەکانی هاوردەکردن، و سەرمایەگوزاریکردن لە سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی ئاسایشی خۆراکیی ، و دووبارە داڕێژانەوەی پەیکەری سیاسەتی پاراستنی کۆمەڵایەتی ، هەموو ئەمانەش پێکەوە دەبنە هۆی بەهێزکردنی سیستەمی خۆراکیی لە عێراق دا. شێوەگۆڕینە ژمارەییەکان، دەتوانن پاڵپشتی ئەم دەستپێشخەرییانە بکەن ، لە باشترکردن و پێشخستنی توانای بەرگەگرتنی سیستەمی کشتوکاڵیی و خۆراکیدا، لە دژی شۆکەکانی ئێستاو داهاتووش دا.

ئاماژە کانی دواترین ئەنجامەکانی بەدواداچوون ڕایدەگەیەنن ، کە 3.8 ملیون خەڵك لە عێراق دا (10 لە سەدی دانیشتوان) ، بە دەست کەمی خۆراکەوە دەناڵێنن، لە هەمان کات دا، حاڵەتەکانی تووش بوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بەرزبوونەوەدان. داتا و زانیارییەکانی هاوبەشەکان و شیکارییەکانیان دەربارەی ئاسایشی خۆراکیی ، یارمەتیدەربوون لە ئاگادارکردن و

پێشکەشکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکان بۆ حکومەت و کۆمەڵگەی مرۆیی و گەشەکردوو، هەر لە مانگی نیسانەوە، بە مەبەستی سیستەمێکی خۆراکیی بەهێزتر، بۆ پاڵپشتی کردنی خێزانە لاوازەکان و جووتیاران و کۆمپانیا قەبارە بچووك و مامناوەندەکان، کە هەڕەشەیان لە سەرە لە کەرتی خۆراك و کشتوکاڵی دا. پاش پلان دانان بە پێی بەڵگەکان و بڕیاری دروست ، جوولەو چالاکی سیستەمە خۆراکییەکان، دەتوانێت کۆمەککار بێت ، لە گەشەی کشتوکاڵی ناوچەیی و بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی دا.

هاوبەشەکان ڕاپۆرتی داهاتوو ، کە هەر دوو مانگ جارێك دەردەچێت و لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر) بڵاودەکەنەوە ، کە تێیدا دواترین توێژینەوەکان دەخرێنە ڕوو. کۆپییەکی دواترین ڕاپۆرت لێرە دابەزێنە: https://bit.ly/3lAKCIv

# # # #

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:

د. صلاح حاجی حەسەن، نوێنەری عێراق ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ ، salah.elhajjhassan@fao.org

تارق ئەحمەد، نوێنەری سندوقی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵی، t.ahmed@ifad.org

عەبدورەحمان مەیگاگ ، نوێنەری عێراق بەرنامەی خۆراکی جیهانی abdirahman.meygag@wfp.org

تیمۆسی ڕۆبیرستون، بانکی جیهانی کشوکاڵیی و خۆراکی جیهانی trobertson@worldbank.org